# حوكمی ڕووكردنە هەندەران

*ئامادە کردن و نووسینی : هێمن عەبدولعەزیز*

وەك چۆن ئیسلام حوكم لەسەر دڵ و دەروون ئەكات و پێی دەگەیەنێ تا بشێت بۆ ئەو ئوممەتەی كە خوا داوای پێك هێنانی ئەكات بۆ فەرمان كردن بە چاكەو ڕێ گرتن لە خراپەكان.. ئاواش هەوڵی ساز دان و گونجانی كردەوەكان ئەدات تاكو گرەوی صالح بوون و بەرەو خوا چوون لە پێوە دانگی دڵ و كردەوەدا هاوتا دەگەڵ یەك ساز بن. چون بەندەكان  بە هەردووكیان ڕزگاری و ئازادی مسۆگەر ئەكەن، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّـــةٌ يَدْعُــونَ إِلَــى الْخَيْــرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ ﴾ آل عمران ١٠٤ واتە: دەبا لە ئێوە ئوممەتێ هەڵكەون كە داوا بۆ چاكە بكەن و فەرمان بۆ چاكەو بەرگری لە خراپە بكەن. بە هەمان جۆر حوكم لەسەر چۆنی یەتی جێ بەجێ كردنی حوكمە دەروونی یەكان ئەكات لە مەیدانی كردەوەیی دا.. یەك لە فەرمانە دەروونی یەكانیش بریتی یە لە كۆچ كردن ( الهجرة ).

كۆچ كردنی دەروونیش واتە: خۆ گواستن لە كردەوە چەپەڵەكانی دەروون وەك (خۆ بە گەورە زانین و بوغزو غەرەز كێشان و گومانی خراپ بردن و هەواو ئارەزووی چڵكن...هتد) بۆ كردەوە پاك و خاوێنەكانی دەروون، وەك ( ترسان لە خوا، یەكلابونەوە بۆ خوا، خۆشویستنی خوا، نیازەكان بۆ خوا..هتد ).

لـه ڕووی مەیدانیـشەوە کـە مەبەستی باسەکەمانە ئەوەیە کە هیجرەت دێت بە مانـای: ( کـۆچ بـارو بارگـە تـێك نـان لـە وولاتـی هاوبـەش پـەرستی بۆ وولاتی ئیـسلام ویـستی و بەندایەتـی و خواپەرسـتی، کـە ئـەمـەش هەڵـبەت یەکـە لـە سروشـتـەکانی ئـەم ئاییـنەو بەردەوامـیش هـەر وا ئەمێـنێ تـا هاتنـی ڕۆژی پەسڵان. هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمْ الْمَلاَئِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ النساء ٩٧ واتـە: بەڕاسـتی کەسـانێك کـە ( بـە هۆی کوفر ) زوڵمیان لە خۆ کردبوو، فریشتەکان گیانـیان دەکێـشا، پێـیان گـوتن: لەسەر ڕچەی چ تاقمێ بوون؟ ( لە وەڵاما ) گوتـیان: ئـێمە بێـچارەی سـەر زەوی ( کوفـر )ین، (ئەوانـیش) پێـیان گوتن: مەگـەر زەوی خـوا بـەر فراوان و ئاوەڵا نەبوو کە کۆچی تیا بکەن؟ جا جێگای ئـەوان ( ئاگـر) ی دۆزەخـەو سـەرەنجامێکی بـەد فەڕانەشـیان بۆ هەیە، ( خوا پـەنامان دات ). هـەروەها دەفەرمـوێ: ﴿ يَاعِبَادِي الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ ﴾ العنكبوت ٥٦، واتە: ئەی ئەو بەندانەی کە بڕواتان هێناوە، بەڕاسـتی زەوی مـن پـان و بەرینە ( دە کەوا بوو بە نێوی دا پەرتە بکەن و ) پـەرستشی منی تیا بکەن .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ( لا تنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة لا تنقطع التوبة حتى تطلع الشمس من مغربها ) رواه احمد وصححه الألباني. واتە: کۆچ کردن نابـڕێتەوە تـا تەوبـە نەبـڕێتەوە، تەوبـەش نابـڕێتەوە تـا خـۆر لـە خۆر ئاواوە هەڵنەیەت.

کەواتە: کۆچ کردن بەردەوام ئەبێو فەرمانی پێ ئەکرێ تا ئەو دەمەی کارەساتی ڕۆژی دوایی هەڵدەستێ. واتە: کۆچ کردن یەکە لە سرووشتی ئەم ئایینە، بەڵام بە مەرجێ خۆ گواستن بێ لە خراپ بەرەو چاکەو کردەوەی پاك.

## حوکمی کۆچ کردن بۆ خاکی کوفر

ئەمە سەر دێرو ناو نیشانی بابەتەکەیە: کە ئێستا ئەبینین مشت و مڕێکی زۆری لەسەر درووست بووە، بەتایبەت ئەبینین کە خەڵکی ڕۆژ ئاوای ناوەڕاست فرچکیان پێوە گرتووەو خەڵکێکی زۆر لە وڵاتە ئیسلامیەیەکەی خۆیان هەڵقەنادوون ناچار و ڕوویان دەو وڵاتانە کردووە کە گاور نشینن، ئێمەش وەك شەرحێك بۆ دڵەکان خستتوومانەتە نێو خانەی دڵانی نەخۆش، مەگەر بەم چوار چێوە شەرعی یانە نەبێت کە ئەمانەوێ لەم باسەدا بە ڕوونی ڕوونی بکەینەوە..

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلاَئِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ النساء ٩٧ ( پێشتر تەفسیرمان کردووە )

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ( من جامع المشرك وسكن معه فإنه مثله )

رواه ابو داود. واتە: هەر کەسێکی لە گەل هاوبەش دانەرێ کۆبێتەوەو لەگەڵیا نیشتە جێ بێت ئەوە ( حوکمی ) وەك ئەوە ( لای خوا ).

## هەروەها زانایان دەفەرموون:

ئیمام مالك ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێ: ( لا يحل لإحد أن يقيم ببلدٍ سبَّ فيها سلف ) واتـە: درووسـت نی یە بۆ کەسێك کە لە وولاتێکدا نیشتە جێ بێت کە جنێوی بەسەلەفی سالّح تیا بدرێت.

هـەروەها حەسـەنی کـوڕی سالّح ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێ: ( إذا لحق الرجل بدار الحرب و لم يرتد عن الإسلام، فهو مرتد بتركه دار الإسلام ) واتە: گـەر پـیاوێ خـۆی بگەیەنێـتە وولاتـێك کـە خەریکـی شـەڕ کـردن بـن لـە گـەڵ مسولّمانان، ئەگەر بەهیچ شتێك لە دین هەڵنەگەڕابێتەوە، ئەوا پشت کردنی لە وولاتە ئیسلامی یەکە وای کردووە کە لە دین هەڵگەڕێتەوە.

بـەڵام بـۆ ئەوەی زیاتر بەرچاومان ڕوون بێ‌و ئەم باسە بە نەشتەرێکی زانستی بتوێژینـەوەو بـۆ ئـەوەی حاڵەتـە تایبەتـی یەکان لەبەر چاو بگرین ئەبێ چەند چـەمك و تێگەیـشتنێك لـە پێناو چاو ڕۆشنی و ئاشنا بوونی زیاتر بە شێوەکی کورت شی بکەینەوە، چەمکەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١. پێناسەی ( دار الإسلام )

٢. پێناسەی ( دار الكفر و دار الحرب )

یەکـەم: سـەبارەت بـە پێناسـەی ( دار الإســـلام ) ئـەوە زانایان بەم شێوەی خوارەوە پێناسی یان کردووە:

(حەنـەفی یـەکان) ئەڵـێن: ئەو شوێنەیە کە ئەحکامی ئیسلامی تیا بەر قەرارەو حوکمی خوای تیا گەشدارە.

(مالکی یەکان) دەڵێن: ئەو شوێنەیە کە حوکمی خوای تیا جێ بەجێ ئەکرێت.

ابن القيم دەڵێت: هەموو ئەو شوێنانیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان مسوڵمانانی تیا دابەزیوەو تیای ژیاون.

( سید قطب ) دەڵێت: هەر وڵاتێك حوکمی خوای تیا جێ بەجێ بکرێت و دروشمەکانی گەشاوە بێت جا خەڵکەکەی مسوڵمان بن یاخود نا.

دووەم: دەربارەی ( دار الكفر و دار الحرب ) یش ئەوا زانایان ئەفەرموون:

بۆ وەڵامی ئەمە ڕاو بۆچوونی زانیان خۆیان لە دوو مەزهەب دا ئەبیننەوە:

مەزهەبی یەکەم:

شافعی یەکان و حەنبەلی یەکان و هێندێ لە مالکی یەکان ئەڵێن: بەو شوێنە ئەڵێن ( دار الكفر ) کە ئیقامەی شەریعەت و بەرنامەی خوای تیا نەکرێت و گەوهەرو هەقیقەتی تیا ئاشکرا نەکرێت، خۆ ئەگەر دوژمنایەتی کرا یان مینبەری قەراری شەڕ بێ لەگەڵ مسوڵمانان ئەوە (دار الحرب)یشی پێ ئەگوترێ.

مەزهەبی دووەم:

حەنەفی یەکان ئەڵێن:( دار الإسلام ) نابێتە ( دار الكفر ) بەوە کە حوکمی کوفری تیا باڵا دەست بێ، بگرە بە سێ شت ئەبێت بە ( دار الكفر ):

(١) دیار کەوتنی ئەحکامی کوفر.

(٢) پەیوەست بوون بە دار الكفر، وەك ئێستا زۆربەی زۆری وڵاتە بە ناو ئیسلامیەکان خەریکن بگەنە ئەم حاڵەتەوە ئەویش لەبەر تامەزرۆ بوون و هەوڵدانیان بۆ ئەوەی کە خۆیان لەگەڵ وڵاتانی کوفر گرێ بدەن و خۆیان دەگەڵدا بسازێنن، هەر بۆیە ئەبینین کە زۆر چاك بوو ون بە مەقاشێك بۆ

گرتنی مسولْمانان و تەسلیم کردنەوەیان بە ئاغاکانیان ( ئەگەر چیش ئەو مسولْمانانە خەلْکی ئەم خاکو وولاْتەشن ) !

(٣) ئەو شوێنەی نە مسولْمانان خۆیان تیا بگرن و نە (ذمــي) یەکانیش (ئەوانەی کە مسولْمان نین بەلاْم ڕۆژێ لە ڕۆژان بارو دۆخێك ئەوانی هێناوەتە ژێر ڕکێفی ئەمان) یان ( ڕەنگە ئەو خەلْکە مسولْمانیش بن بەلاْم لە خاك و نیشتیمانی بەناو ئیسلامی خۆیان ڕاوە دوو کراون و لەوێ دا گیرساونەتەوە، بەلاْم ئەمڕۆ لە بەر دینداری و مسولْمانێتیان گۆڕینی حوکمی ئیسلامی بۆ حوکمی کوفر نا ڕەحەت و گرفتار ماونەتەوە.

## حوکمی ڕوو کردنە دارالکفر یان حوکمی ڕوو کردنە هەندەران

بە پێی ئەو شەرحانەی سەرەوە ئەگەر هێندێ لە وولاْتانی ئیسلامیش مۆرکی وولاْتی کوفریان پێوە بنرێ یاخود نزیك بن لە دار الكفر و مسولْمانان نەتوانن ژیانی تیا بەسەر بەرن، ئەوە حەوجار حەوجار ئەوانیش ئەبن بە دار الكفر، کەواتە ئەگەر خەلْکی ڕێگەی ئەوەیان پێ نەدرێ کە ئازاد بن لەوولاْتە ئیسلامیەکانی خۆیان ئەوە ناچار بوون و ناچاریشن کە وولاْتێ یان شوێنێ بۆ خۆیان بڕیار بدەن تاکو لە خوا پەرستی خۆیان ئازاد بن، ئاشکراشە ئەو وولاْتە ئەورپیانەی کە خەلْکی ناچار بوو ون کە ڕوویان تێ بکەن کە بە ڕووکەش حاکم و مەحکومەکانیشیان گەلێ لە حاکمانی ئێمە مسولْمانترن چوون لانی کەمەوە نەك هەر مسولْمان تیایدا ئازادن لە خواپەرستی خۆیان بگرە هەر لە کوفری خەلْکەکەسیان کەم ئەکەنەوە، بەلاْم ئێستاش و بەردەوامیش ڕێگر نین

لەوە کە مزگەوتمان هەبێ و لەمەش زیاتر ئامادەن کە یارمەتی مزگەوتەکانمان بدەن و پارێزگاریشی لێ بکەن.

بەڵام لە گەڵ هەموو ئەو ڕاستیانە کارو باری دین وەقفە لەسەر هەموو بەندەکانە کە نابێ بە موو گۆڕانکاری تیا بکەن و بە هەواو هەوەس و ئارەزووەکانەوە کار ئاسانی بتیا بکەن. بۆیە زانایان لەگەڵ تەعریف و پێناس کردنی دار الاسلام و دار الكفر هاتوو ون مەرجی تایبەتیان بۆ هیجرەت کردن و ڕوو کردنە هەندەران دانەوە، جا لێرە دا چون بابەتەکەمان بە نێو نیشانی (حوکمی ڕوو کردنە هەندەران)ە بە پێویستی ئەزانم بە پێ ی بۆ چوون و تێگەیشتی زانایان ئەو حوکمە ڕوون بکەمەوە:

### یەکەم: حوکمی مانەوە لە (دار الكفر):

لێرە دا زانایان چەند ڕاو بۆچوونێکیان هەیە:

ڕاو بۆچوونی یەکەم: بە درووستی نازانن کە مسوڵمانان ( دار الإسلام ) جێ بهێڵن و ڕوو دە ( دار الكفر ) بکەن. ئەمەش قەولی ئیمام ( مالك و ابن الحزم ).

هەروەها ( ابن العربي ) یش ئەڵێت: دەرچوون لە ( دار الحرب ) بۆ ( دار الآسلام ) فەرزە، هەروەها ئەڵێت: ( فمن أسلم في دار الحرب وجب عليه الخروج الى دار الإســـلآم، فإن بقي فقد عصي ) واتە: هەر کەسێك لە ( دار الحرب ) مسوڵمان بێت، ئەوا لەسەری واجبە کە بچێتە ( دار الآسلام )، ئەوی بشمێنێتەوە تیایا دەر نەچێت ئەوا یاخی بووە لە فەرمانی خوا.

**بەڵگەکانی چین؟**

**بەڵگەی ئەم کەسانەی کەوا ئەڵێن، ئەمانەی خوارەوەیە:**

**١. خـواری گـەورە دەفەرمـوێ:** ﴿ وَمَـــنْ يُهَاجِـــرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَماً كَثِيراً وَسَعَةً﴾ النساء: ١٠٠ **واتـە: ئـەوەی کە کۆچ بکات لە پێناوی خوادا دەرووی زۆرو بەرکەتی زۆر رووی تێ ئەکات لەو سەر زەمینەدا.**

**٢. پێغەمـبەر ﷺ دەفەرمـوێ:** ( أنا بريء من كل مسلم يقيم بين أظهر المشركين، قالوا: يا رسول الله ولِمَ؟ قال: لا تراءى نارهما ) رواه أبو داود والترمذي عن قيس بن ابي حازم عن جابر بن عبدالله ( ﵁). **واتە: من بەریم لە هەر مسولْمانێ کە لە نـێو هاوتـا دانـەران بمێنێـتەوە، گوتـیان: ئەبـی پێغەمـبەری خوا (ﷺ) بۆچی؟ فەرمووی: نابێ کە هێندە لێك نزيك بن تا ئاگرەکانی یەکتر ببینن.**

**یـان دەفەرموێ:** ( من جامع المشرك وسكن معه فإنه مثله ) رواه ابو داود. **واتە: هـەر کەسـێکی لـە گـەل هاوبـەش دانـەرێ کۆبێـتەوەو لەگەڵیا نیشتە جێ بێت ئەوە ( حوکمی ) وەك ئەوە ( لای خوا ).**

**٢. ئـیمام مالـك ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێ:** ( لا يحل لإحد أن يقيم ببلدٍ سبَّ فيها سلف ) **واتـە: درووسـت نی یە بۆ کەسێك کە لە وولاتێکدا نیشتە جی بێت کە جنێوی تیا بەسەلەف بگوترێت.**

**راو بۆچـوونی دووەم: کـە قەولـی تێکـڕای فـوقەهایانە، لەوانـە: ئـیمامەکان (حەنفی وشـافعی و حەنبەلی) یەکان هەر یەکەیان هاتوو ون شەرحێکیان بەم مەسەلەوە داوە.**

هێندێ دەڵێن : کەسێ لە ( دار الكفر ) ئەگەر بتوانێت کە دین و ئاییینی خۆی ئاشکرا بکات و درووشمەکانی خوای تیا بەر قەرار کات، ئەو دەمە بۆی درووستە دەنا بۆی درووست نیە.

بەڵگەشیان ئەمانەی خوارەوەیە:

(١) خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمْ الْمَلاَئِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ النساء ٩٧ واتە: بەڕاستی کەسانێك کە ( بە هۆی کوفر ) زوڵمیان لە خۆ کردبوو، فریشتەکان گیانیان دەکێشا، پێیان گوتن: لەسەر ڕچەی چ تاقمێ بوون؟ ( لە وەلاما ) گوتیان: ئێمە بێچارەی سەر زەوی ( کوفر ) ین، (ئەوانیش) پێیان گوتن: مەگەر زەوی خوا بەر فراوان و ئاوەلا نەبوو کە کۆچی تیا بکەن؟ جا جێگای ئەوان (ئاگر) ی دۆزەخەو سەرەنجامێکی بەد فەڕانەیان بۆ هەیە، ( خوا پەنامان دات ).

ئیمامی ( البضاوي ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ئەوە بەڵگەیە کە هیجرەت لە شوێنێك کە نەتوانی دینی خوای تیا بەر قەرار کەیت و ئازاد نەبیت کە خوای خۆتی تیا بپەرستیت ئەوا واجبە کە لێ ی دەربچیت و تیایدا نەمێنیتەوە.

هەروەها ( ابن كثير ) یش بە ڕەحمەت بێت دەفەرموێت: ئەم ئایەتە لە دەرهەق ئەو کەسانە هاتۆتە خوار کە لە ( دار الكفر ) ماونەتەوە ئەگەر چی

ئەشـیانتوانی کـە لێی دەربچن، وەلێ گوێیان پێی نەداوە ! بۆیە پێغەمبەر ﷺ بە درووستی زانی کە:

١. ئـەو کەسـانە بـۆیان هەیـە کـە لەمەککـە بمێنـنەوەو هیجـرەت نەکـەن بـەو مەرجەی کە بتوانن دینداری خویان تیا بەر قەرار کەن.

٢. ئـەو کاتـەی کـە ( نعيم النحام ) ویـستی مەککـە جێ بهێڵێت و هیجرەتی تیا بکات، تیرەو گەلەکەی کە ( بني عدي ) پێ ئەگوت هاتن پێیان گوت: بمێنەوە جـێمان مەهـێڵە چوون تۆ ئازادیت لە خوا پەرستی خۆت، ئەویش مایەوەو دەر نەچوو، دوایی کە پێغەمبەر ﷺ ی بینی یەوە پێی فەرموو: ( قومك كانوا خيراً لـــك مـــن قومي لي، قومي أخرجوني وأرادوا قتلي، وقومك حفظوك ومنعوك ). (قـــرطبي) لـە( الإستعاب في أسماء الأصحاب ) و ( ابن كثير ) لـە ( أسد الغابة في معـــرفة الصحابة ) دا هێـناویانەتەوە. واتە: پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: گەل و تیرەی تۆ چاکتر بوون بۆ تۆ لە گەل و تیرەی من بۆ من، تیرەو گەلەکەم منیان وەدەر نا، کەچی تیرەو گەلەکەی تۆ تۆیان پاراست و بەرگریان لێ کردیت.

٣. ئەبیـنین کـە ئـەو کاتـەی حاڵی بڕواداران لە مەککە زۆر شپرزەو نا ڕەحەت بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە هێندێکیان کرد کە بۆ حەبەشە کۆچ بکەن کـە پاداشـایەکەیان کـە ( نەجاشـی ) ناوە پادشایەکی دادگەرو بە بەزەیی یەو ئەتـوانن لەوێ ئۆقرەگیر بن، ئەوە بوو کە جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵب و هێندێ لە یارانی کۆچیان بۆ ئەوێ کردو لە دواییشا نەجاشی خۆشی مسوڵمان بوو.

٤. یان ئەو کاتەی کە (فدیکا) کە یەك بوو لە یاران و هاتە لای پێغەمبەرﷺ پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا خەڵکی پێم ئەڵێن گەر ئەم خاك و شوێنەت جێ بهێڵیت ئەوا بە فەتارەت ئەچیت! ئەڵێ پێغەمبەر ﷺ یش پێی فەرموو: (یــا فــدیك أقم الصلاة وآت الزكاة واهجر السوء واسكن من دار قومك حيث شئت) رواه ابن حبان في صحيحيه. واتە: ئەی فەدیك نوێژی خۆت بکەو زەکاتی خۆت بدەو خۆ دوور بگرە لە خراپەو بۆخۆت لە هەر شوێنێك لە نێو تیرەو هۆزەکەت حەزت لێ یەتی دا بنیشە. ( دیار ئەو کەسە ئازاد کرا بوو لەوە خوای خۆی بپەرستێت بە بێ ئەوەی لە لایەن تیرەکەیەوە پەرچی بدەنە بەرێو ئازاری پێ بگەیەن.

## چوار چێوە شەرعی یەکان (ضوابط) ی ڕوو کردنە هەندەران

بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاومان ڕوون بێو ئەم باسە بە نەشتەرێکی زانستی بتوێژینەوەو بۆ ئەوەی حاڵەتە تایبەتی یەکان لەبەر چاو بگرین ئەبێ بڵێین: کەوا گەشت کردن لە وولاتی ئیسلامی بۆ وولاتی کوفر درووست نی یە بە سێ مەرج نەبێ، هەر ئەو سێ مەرجەشن کەوا ( شـیخ محمـد صالح العثيمن ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت، بۆ وەڵامی ئەوانەی کە پرسیاری حوکمی ڕوو کردنە هەندەران یان ( دار الكفر ) ئەکەن هاتووە چەند چوار چێوەو مەرج و زەوابتێکی شەرعی بۆ داناون:

لەوانە:

**مەرجی یەکەم: ئەو کەسەی کە ڕوو لە خاکی کوفر ئەکات: پێویستە زانستی شەرعی لا بێت و ئاگاداری سنوورەکانی بێت :**

واته ئاگادار بێ له: ( حوكمی شەرعی بۆ گەشت كردن بۆ خاكی كوفر، حوكمی ژیان لـه وڵاتـی كوفـر، حوكمـی مانـەوە تـیایا، حوكمـی تێكەڵ بوون له گەڵ خەڵكەكـەی، حوكمـی كـار كـردن لـه گەڵـیانا..) هـەروەها ئاگـاداری سـنووره شـەرعی یـەكان بـێت وەك ( مامەڵـه كردن و نەزەر كردن و تێكەڵ بوون..هتد) واته: پێویسته ئەم كەسه وەڵامی هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوەی لا بێت.

**دووەم: هێـندەی ئـایین و ڕەوشـتی ئـیسلامی لا بـێت و بتوانـێت كه جلەوەی شـەهوەتەكانی بگـرێ‌و دەرگای ئارەزووە دەروونی یه ناشەرعی یەكانی لێ دا بخات:**

وەك: ( هەسـت كـردن بـه چـاو دێـری خواو شەرم كردن له خواو چاكه كاری ـ الإحـسان ـ و سـەر كـۆنه كردنـی كردەوەكانـی و، خۆ پاراستن له گوناهەكان و پارێزكاری ـ التقوی..هتد ).

**سـێیەم: چـوونەكەی شـەرعی بـێت، واتـه: ئـەو كەسـه پێویستی شەرعی به گەشته كەی هەبێت :**

بـۆ نمـوونه نەخۆشه پێویستی به چارەسەر هەیه، كه لەم جۆره شوێنه نەبێت چـارەی نەبـێت. یـان پێویـستی بـەم وڵاتـەیـه بـۆ ئـەوەی پـسپۆڕییەكی تـیا بهێنێـتەوە كـه لـه وڵاتەكـەی خـۆی قاتی بێ‌و چنگی نەكەوێت ، یان له پێناو بانگـەوازی ئـیسلامی ڕووی تـێ بكات، یان بۆ ئەوە بێت كه حاڵی بێ باوەڕان ببینـێت، یـان پیلانـێك بـێت بـۆ ئـەوەی بـتوانێ فـڕو فێڵـی بـێ بـاوەڕان پووچ

کاتـەوە، یـان بـۆ ئـەوە بـێت تاکـو یارمەتی بۆ موجاهیدان کۆ کاتەوە، یان بۆ بازرگانی ، یان بۆ خوێندن...هتد)

کەواتـە: ئەمانـە سـێ مـەرج بوون، هەرکەسێك کە ئەم مەرجانەی تیا مسۆگەر نەبوو، ئەوا ڕێی پێ نەدراوە مەگەر مەرجی تایبەتی تر بیگرنەوە کە لە دواییا شـتێکی لێ بـاس ئەکـەین، چونکە ئەم سێ مەرجە ئەبن بە سنووری پاراستنی ئـەو کەسە لە گوناه و سەرپێچی یەکانی وولاتانی کوفر، ئەنا گەر وانەبێت ئەوا بێ گومان لە فیتنەوە خراپە کاری هیچی تر بۆ خاوەنەکەی ناهێڵێتەوە ! (خوا پەنامان بدات ).

## حوکمی مانەوە و وەرگرتنی ئیقامە و پاسە پۆرتی هەمیشەیی لە وولاتـانی کوفر دا

خاکی کوفر وەك باسمان کرد ئەو خاکەیە کەوا دروشمی کوفرىو بێ باوەڕی تـیایا شـەکاوەیەو بـە هـیچ جۆر حسێبی تیایا بۆ دروشمی ئیسلامی ناکرێت وەك بانگ دان و نوێژو جەماعەت و نوێژی هەینی.. بە گشتی، بۆیەش دەڵێین بەگـشتی، چـونکە ئەوانـەی لێ دەرئەچـێ کـە کـۆمەڵە مـسوڵمانێکی کـەم لـە وولاتێکی کوفرا ئەژین، بە مە نابێتە وولاتی ئیسلامی کە هێندێ لە دروشمی ئیـسلامی تـیا ڕەچاو ئەکرێ ، بـەڵام وولاتـی ئیسلامی لە ڕووی گشتی یەوە ڕەچاوی ئەم دروشمە شەرعیانە ئەکات.

هەڵبەت کەسێ نیازی وابێت کە تا دەمرێت هەر تیایا بمێنێتەوە ئەوا گومانی تیا نی یە کە درووست نی یە..چونکە مەترسی زۆر درووست ئەکات بۆ پاشە ڕۆژی خۆیو ماڵ و منداڵی..بەسە بۆ ئەو کەسەی کە بەسەبەب ئەو منداڵیکی بێ باوەڕی لێ دەربچێت، ئیتر لە دوای ئەم کەسەوە ئوممەتێکی بێ باوەڕ دێتە پێشەوە (خوا پەنامان بدات)، چونکە زۆرمان بینی لەوانەی کە بە بێ لە بەر چاو گرتنی سنووورە شەرعی یەکان ڕوویان دە هەندەران کرد، بەڵام سەرەنجام مایە پووچ و دەست بە تاڵ و بێ حاڵو ماڵ دەرچوون. بگرە لە ئیسلامیش هەڵگەڕانەوە تا بوون بە دڕکێك لە ژێر پێی ئەم ئیسلامە پاکە..! ( خوا پەنامان بدات )

هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆرێك لە زانایان ڕێگەی ڕوو کردنە هەندەرانیان بە پەسند نەزانیوە، بۆیە ئەڵێن:

(١) زۆر جاران ئەوانەی کە ڕەگەز نامەی ئەو وولاٽە کوفرنشینانە وەر ئەگرن ناچارو ئیجبار ئەکرێن کە بەشداری سوپاو شەڕیان بکەن دەگەڵ مسوڵمانان‌دا.
هەروەك لە عێڕاق و ئەفغانستان ئەمە بینرا.
(٢) پابەن بوون بە یاساکانی ئەو وولاٽە ( مەبەستم ئەو یاسایانەی کە دژ بە شەریعەت و بەرنامەی خوان )
(٣) منداڵان لەو وولاٽە کوفریانەدا موڵکی ئەو وولاٽەن، چون باوکان و دایکان دەسەڵاتیان وەسەر منداڵەکانیان نامێنێ و ناشتوانن ڕێگری ویست و خواست و بەرنامەو چۆنیەتی پێگەیاندنیان بکەن لە قوتابخانەکاندا.

(٤) ئـەو خێـزانانەی کـە کـچیان هەیـە ئەگـەر کـچەکانیان حـەزی ئـارەزووی پیاوێکـیان هەبـوو یـان موماڕەسـەی جنسیان لەگەڵ کوڕێکا کرد، ئەوا بە هیچ چەشن دایکان و باوکان ناتوانن کە ڕێگریان لێ بکەن.!

(٥) گـەر ژن و مێـردێك منداڵێکـیان هەبـوو و ژن و مێـردەکە لـە یـەکتر جـیا بـوونەوە ئـەوە لـە یاسـاو ڕێسای ئـەم وولاتانـە ( بـە پێـچەوانەی شەریعەت و بەرنامـەی خـوا ) منداڵەکە ئەدرێتەوە دایکەکەو باوکیش تا ماوە ئەبێ باوکەڕۆ لێبداو ببڕای ببڕا چاوی پێی ناکەوێتەوە..!

(٦) ڕەنگـە کـچەکەت یـان کـوڕەکەت لـە دەسـت دەربـچن و لـە ئیـسلامیش دەربچن!

(٧) ئـەو مـنداڵانەی کـە هەندەران لە دایك ئەبن زۆر توونـد پەیوەست ئەبن بەو وولاتـەوە، بـۆیە ئـەو دایـك و باوکانـەی کاتـێ کـە بـۆ وولاتانـی خۆیان بڕیاڕی گەڕانەوە ئەدەن ئەوە گەورەترین کێشە کە ڕوو بەڕووی ئەبنەوە منداڵەکانیانن کە ئامادە نین دەگەڵیاندا بچنەوە.!!

(٨) هێـندێ لـە درووشـم و شەریعەتی خوا هەن یاساغە کە لەو وولاتانەدا بەرز بکرێنەوە، وەك بانگ دان بە بڵند گۆو بە دەنگی بەرز.

(٩) زۆر جـاران ناچـار ئەبـیت کـە بەشداری جەژنیان دە گەڵدا بکەیت و دۆقەو پیرۆزباییان لەگەڵدا بکەیت.

(١٠) سەوادی بێ باوەڕان زیاد ئەبێت!

(١١) .... هتد

بەڵام دیسان ئەگەڕێمەوە سەر سێ خاڵەکەو ئەڵێم: ئەم سێ خاڵە بریتی بوون لە سێ خاڵی بنەڕەتی، بەڵام بۆ زەبت کردنی سێ خاڵەکە ئەڵێین: پێویستە سەرەتا ئەو کەسە لە ناخ و دڵو دەروونی خۆیەوە خاکێکی بەتین و مەتین بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی بتوانێت لەو سێ خاڵەی گۆرین دەرنەچێت، ئەویش ئەمانەی خوارەوەن:

**(١) هەموو کەس خۆی چاك ئەناسێت، ئەبێ دڵنیا بێت لە خۆی کەوا نەخلێسکێت و دەرووبەر کاری سەلبی نەخاتە سەر:**

بەجۆرێ کە خۆی زانیاری و بڕوای هەبێ لەگەڵ عەزیمەت لەسەر دڵنیا بوون لەسەر خۆ ڕاگری لەسەر ئاینەکەی ، وە ئاگادار بێ لە خلیسکان و هەرزەلین و دڵ کرمی بوون، هەروەها گۆش بێت لە دژایەتی بێ باوەڕان و دوور بێ لە نواندنی دۆستایەتی بۆیان، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لاَ تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ﴾ المجادلة ٢٢، واتە: هیچ هۆزێ گیر ناهێنێ کە بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی هێنابێ کە دۆستایەتی بنوێنێ لە گەڵ دوژمنانی خواو پیغەمبەر ﷺ ئەگەر ئەمانەش باوك و براو کەسانی خۆیان بن.

یان دەفەرموێ: ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ المائدة ٥١ واتە: ئەی بڕوادارینە جوولەکەو دیانەکان مەکەن بە دۆستی خۆتان چونکە هەندێ لە وان یارو پشتیوانی یەکترن، هەر کەسێ دۆستی لە گەڵ ئەوان دا

بکات ئەوا لە گەڵ ئەوان دێتە ژمار. خوای گەورەش ڕێنمایی گەلی زۆر دار ناکات.

هەروەها لە فەرموودەی ( صحيح ) ی پێغەمبەر ﷺ دا دەفەرموێ: ( إن من أحب قوما فهو منهم، وإن المرء مع من أحب ) متفق عليه واتە: بێ گومان هەر کەسێ گەلێکی خۆش بوێ لە گەڵ ئەوانە، مرۆڤیش کێ ی خۆش بوێت لە گەڵ ئەو دایە لە (لە ڕۆژی دوایی) .

بێ گومان خۆشویستنی دوژمنانی خواش گەورەترین مەترسی یە بەسەر مسوڵمانان چونکە خۆشویستن ( المحبة) پەل کێشە بۆ شوێن کەوتن ( اتباع ) یان لانی کەم نکوڵی نەکردنە لە وان، بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ( من أحب قوما فهو منهم ) متفق عليه واتە: کەسێ گەلێکی خۆش بوێ لە گەڵ ئەوانە.

(٢) ئایینی خۆی پەنهان نەکات :

بەڵکو کار بۆ درووشمی ئیسلام بکات و نەکات نوێژ و جومعە و جەماعەت بچوێنێ یان زەکات و ڕۆژوو حەج کردن بفەوتێنێ. گەر نەیتوانی بەم کارانە هەڵسێ بێ گومان درووست نی یە کە تیایا بمێنیتەوە.

هەروەك خاوەنی ( المغني ) لە لاپەڕە (٤٥٧) ی جزمی (٨) دا ئەڵێ:

گەر نەیتوانی بە چاکە خواناسی تیا بکات و کار بۆ درووشمەکانی بکات، پێویستە هەر زوو دەست و بردکاو ئەم شوێنە جێ بهێڵێ و پشتی تێ کات، هەروەك خوای گەورە لە سوورەتی ( النساء) ئایەتی ٩٧ ئاماژەی پێ کردووە. کە لە پێشدا ڕوونمان کردەوە. ئەم ئایەتەش بەڵێنێکی ترسناکی تیایە کە دەلالەت لەسەر واجب بوونی کۆچ کردن ئەکات لە خاکی کوفر بۆ خاکی

ئیسلامی، چون هەڵسان بە پێویستی ( واجب ) پێویستە وەك ( شیخ الإسلام ابن التیمیة ) رەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموێ: ( ما لا یتم الواجب الا به فهو واجب) واتە: ئەوەی واجبێکی پێ تەواو بێت ئەویش ئەبێت بە واجب.

هەروەها ئەبێ:

(٣) چاك و خراپ لێك هەڵاوێرێ و کامڵ بێ‌و منداڵ نەبێت!

(٤) شارەزای بەندە شەرعی یەکان بێت.

(٥) نەهێڵێ ماڵ و منداڵی لە دەست دەربچن.

(٦) باوەڕێکی ئەو تۆی هەبێت کە لە ئاستەنگەکان بیپارێزن.

(٧) بڕیاری مانەوەی هەتا هەتایی نەدات.

## چەند مەرجێکی تر

ئەوانەی سەرەوە کە باس کران چەند مەرجێگی دەروونی ئەو کەسانە بوون کە ڕێگەی ڕوو کردنە هەندەرانیان پێ ئەدەن، بەڵام هەرچی مەرجی کردەیی ڕۆژانەی کەسەکانە ئەوا ئەبێ بەندێ بێت لەو بەشانەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: چوونەکەی لە پێناو بانەگەوازی ئیسلامی یەوە بێت:

هەڵبەت ئەمەش جۆرێکە لە جیهاد کە فەرزی کیفایەیە لەسەر کەسێك کە بتوانێ بەمەرجی مانەوەکەی ئامانجی بانگەوازەکە بپێکێ، چونکە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام لە سرووشتەکانی ئەم ئاینەیە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (بلغوا عني ولو آیة) رواه البخاري واتە: لەمنەوە را بگەیەنن گەر ئایەتێکیش بوو.

## بەشی دووەم: لە پێناو دیراسە کردنی حاڵ بێ باوەڕان:

واتـە ناسـینی بـیرو بۆچـوون و فەسادی بیروباوەڕی و بەد ڕەوشتی و ئاکاری چـەپەڵیان. ئەمەشـیان هـەر جـۆرێکە لـە جـیهاد، چـونکە قرپۆکی بێ باوەڕی بەڵگەیـە لەسـەر پـاك و بـێ گەردی ئەم ئیسلامە پاکە. وەك دەڵێن: ( وبضدها تتــبين الأشياء ) واتـە: لەبەرامبەر دژەکانی شتەکانی ڕوون ئەبنەوە بە مەرجێ مەبەسـتی بپێکـێ، ئـەویش بەبێ بە جێ هێشتنی پاش ماوەی ( مفسدة ) یەك گەورەتر لەو.

مەبەسـتیش لـە ( مفسدة ) واتە: ( بۆ نموونە: ڕازی بێت بە جنێو دان بە خواو بـە پێغەمـبەر (ﷺ)، یـان بـێ دەنگ بێ لە سەر خستنی ئیسلام و مسوڵمانان، یان نەبیتە ئەداتێك بۆ پیلانی دوژمنان بە سەر مسوڵمانان..هتد چونکە ئەمانە هەمـووی پەرچـن، لەبەر ئەوە بە ڕازی بوونیان ئامانج و مەبەستەکە ناپێکێ و مانـەوە تیایدا درووست نابێ، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر چاك ئاگاداری بارو دۆخ بـوو، هـەر لەبـەر ئەوەش بوو کە لە شەڕی ( خندق ) پێغەمبەر ﷺ (حذيفة) ی نـارد بـۆ لای بێ باوەڕەکان بۆ ئەوەی هەواڵ و باسە خواسەکانیان بقۆزێتەوەو پاشان بۆ پێغەمبەری خوای ﷺ بهێنێتەوە.

## بەشی سێیەم: بۆ کارێکی ڕێ پـێ دراو بمێنێتەوە:

وەك ( بازرگانـی یـان چارەسـەری نەخۆشـی.. ) ئەمـەش بە قەد ئەندازەی پێکانـی مەبەسـتەکە حـوکم لەسـەر مانـەوەی ئـەدرێ. هەڵـبەت ئەمـەش (وارد)و ئاشـکرا بـوو لـە ژیانـی هـاوەڵان کـە بە نیازی بازرگانی ئەچوون بۆ (دار الكفر).

بەشی چوارەم: لە پێناو بەرژەوەندی وولاتی ئیسلامی:

یـان ڕێکخـستنی پەیوەندی‌یەکان یان ناساندنی ئاین و شەریعەتی خوا بەم وولاتـە، وەك (فـەرمان بـەری لـە بالـیۆز خانـەی وولاتی خۆی بەو مەرجەی وولاتەکـەی پەیڕەوانـی شـەریعەتی خـوا بن، یـان نووسـینگە ئیـسلامی یـە تایبەتـی یـەکان، یـان کـۆ کـردنەوەی یارمەتی یەکان بۆ مسوڵمانان یان بۆ جیهاد و موجاهیدان.. هتد )

بەشی پێنجەم: مانەوە لە پێناو خوێندن و وەرگرتنی زانیاری شەرعی یان یاسایی، لە گەڵ ئاگادار بوون لە کاری گەری ئەم زانستە کە وای لێ نەکات فێری چاو لێ کەری و لاسایی لە داب و نەریت و چۆنی یەتی هەڵس و کەوت و ئادابی گفت و گۆیان ببێت:

چونکە شتێکی بەڵگە نەویستە کە تۆ لە ئەنجامی مانەوەت لەوێ دۆست و هـاوڕێ پـەیـدا ئەکـەیت، لـەم کاتـە دا دەبـێ زۆر ئاگاداری خاڵە ووردەکانی (ولاء و براء) بیت..

هەڵبەت بۆ ئەم بەشی پێنجەمەش چەند مەرجێکی تیایە لەوانە:

١ــ ئـەم قوتابـیە لـە ئاستێکی بەرز دابێت لە ڕووی ژیری و کاملّی و ئەقلّ و ئـیدراك، واتـە ( مـنداڵ و هـەرزەکار نەبـێت.. یـان ئەقلّـی مـنداڵ نەبـێت ) لەهەمـووی پێویـستتریش لەوانـە بـڕێ زانـستی شـەرعی لا بێت..بۆ ئەوەی بتوانـێت هـەق و ناهـەق لـێك هەڵاوێـرێ و دوور بـڕوانێ.. وەلێ ئەوانـەی کـە هێـشتا ماویانـە بخـزرێنە ناو پیاوان، مەترسی یەکی زۆر سامناك و ترسناك

درووست دەکەن لەسەر ئاینددەی ئەو کەسە، بۆیە گەر لە دەروازەیەك بڕوانینە ڕۆژ ئاوا ئەوا ئەبینین کە زۆربەی زۆری گەنجە بێ کەڵکەکان یان لەوێ لە دایك بوو ون یان بە منداڵی و بەبێ مەرج ڕوویان لە هەندەران و خاکە بێ خێرەکانی کوفر کردووە، هەر بۆیە ئەو جیلانەی کە بەم چەشنە پێ گەیشتوون بوو ون بە توخمێکی زۆر ناشرینی کۆمەڵگا!! کە ئەشگەڕێنەوە ووڵاتانی ئیسلامی خۆیان دیسان تاوان و بێ شەرمی و گوناه و سەرپێچی یەکانی ئاوێتە بەو کۆمەڵگە ئیسلامیە ئەبێت و ڕەنگ و ڕوخساری شارستانیەتەکەش شێلوو لێڵ ئەکاو تێکی ئەدات! هەر بۆیە یەکێ لەوانەی لە ووڵاتانی ئەوربی دووچاری سەدان نەخۆشی وەك ئایدز بووە کاتێ کە تێکەڵ بە ووڵاتی خۆی ئەبێتەوە ئەوا زەنگێکی زۆر خەتەر و ترسناك لە ووڵاتەکەی خۆی ئەکوتێ و لێ دەرباز بوونی ئەستەمە.!!

٢ ـ شارەزای زانستە شەرعی یەکان و بەندە قورئانی یەکان بێ کە چران بۆ تاریکی، بران بۆ تەنگاوی و مامۆستان بۆ دڵ پاکی. بە مانە هەق و ناهەق و شەرعی و ناشەرعی جیا دەکرێنەوە.. وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (اللــهم أرني الحق حقا وارزقني اتباعه، وارني الباطل باطلا وارزقني اجتنابه ولا تجعلــه ملتبساً عليَّ فأضل ) واتە: خودایە هەقم پێ نیشاندەو شوێن کەوتنیم پێ ببەخشە، وە ناهەقم پێ نیشاندەو دوور گرتنیم پێ ببەخشە خودایە مەیکە بە مایەی لێ تێك چوونم تا هیچیان نەناسمەوە.

٣ ـ پێویسته ئیمان و باوەڕێکی وای هەبێت کە ببێت بە پەرژین لە نێوان خۆی و گوناهەکان.. بۆ ئەوەی بتوانێ لە ڕێگەی ئەمەوە بەرگری لە شەهوەتەکانی بکات و جلەو گیریان بکات..

٤ـ خۆی پێویستی بەم زانستە هەبێ، بۆ بەرژەوەندی مسوڵمانان کە بەمەرجێ لە وولاتی خۆی ئەم زانستەی چنگ نەکەوێ.

## بەشی شەشەم: نیازی جێگیر بوونی هەتا هەتایی نەبێت:

کە ئەمەیان زۆر خەتەرناك و مەترسی دارە، چونکە دەبێتە هۆی تێکەڵ بوونێکی بێ تام و نالەبار لە گەڵ ئەهلی کوفردا، یان زیاد کردنی ژمارەی کوفر، یان وەرگرتنی ئەتواری ڕەوشتی ئەوان، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: (من جامع المشرك وسكن معه فهو مثله) رواه ابو داود واته: هەرکەسێکی لە گەڵ هاوتا دانەرێ کۆببێتەوەو لە گەڵیا بژیەت ئەوا (حوکمی) وەك ئەوە، هەرچەند ئەم فەرموودەیە ( سند )ەکەی لاوازە بەلاّم بێ گومانین لەوە کە مانەوە تیایدا زەرەرو زیانێکی زۆر ئەبەخشێ بە خاوەنەکەی.

یان لە فەرموودەیەکی تر دا دەفەرموێ: ( أنا بريء من كل مسلم يقيم بين أظهر المشركين، قالوا: يا رسول الله ولِمَ؟ قال: لا تراءى نارهما ) رواه أبو داود والترمذي عن قيس بن ابي حازم عن جابر بن عبدالله (رضي الله عنه). واته: من بەریم لە هەر مسوڵمانێ کە لە نێو هاوتا دانەران بمێنێتەوە، گوتیان: ئەی

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی؟ فەرمووی: نابێ کە هێندە لێك نزیك بن تا ئاگرەکانی یەکتر ببینن.

بەشی حەوتەم: نەکات ماڵ و منداڵی بە ( مشرك ) بێ دەربچن:

گەر خوا نەکات یەك منداڵی بە (مشرك) و بێ باوەڕ دەربچێت، با بزانێ کە ئوممەتێکی بێ باوەڕ لە دوای خۆی پێك دەهێنێ.. هەر گوناهێکیش کە لەم ئوممەتە ئەنجام بدرێت ئەوا لە ئەستۆی ئەوە. (خوا پەنامان ئەدات).

## چەند مەرجێکی تایبەت جیا لەو مەرجانەی سەرەوە:

لەو سەردەمەی خۆمان چونکە ئەمن و ئەمان لە وڵاتانی ئیسلامی نامۆو ناشرین بووەو بۆ دەمێکە باری کردووەو گوم بووە!، ئەوە لە خۆی دا مەرجێکەو ڕێگە بۆ دەرچوون خۆش ئەکەن.. یان ئەبینین نەخۆشی و پەتاو کولێرە لە شوێنێکا بڵاو بۆتەوە ئەوەش هەمدیس مەرجی تر ئەخاتە سەر مەرجەکان، هەر بۆیە بە مەرجی تایبەت ناومان هێناون چونکە مەرجەکان لە کات و سات و شوێن و مەکان ئەگۆڕێن، دەجا با بێین هێندێکیان لێ باس بکەین:

پێش هەموو شت ئەبێ بزانین کە هەر کەسێك ڕوو بەڕووی هەر ئاستەنگ و پەرچێك بێتەوە کە کار لە ئایین و دوا ڕۆژی خۆی بکات، ئەوە لەسەری ئەبێت کەوا سەری خۆی هەڵگرێت و ڕوو لە وڵاتێکی کوفر نشین بکات، کە بتوانێ لەوێ درووشمە بەندایەتی یەکان پەیڕەو بکات، بە مەرجێ ئەگەر وڵاتێکی تری ئیسلامی باوەش بۆ ئەم کەسە نەکاتەوە..

گرنگترین هۆكارو ئاستەنگیش كە ئەشێ ڕێگەی چوونە دەرەوەت بۆ خۆش بكەن ئەمانەی خوارەوەن

یەكەم: خاكێك گەر بیدعەو فیسقی زۆری تیا بوو:

هـەروەك ( ئـــیمام مالك) ڕەزای خۆی لێ بێت دەفەرموێ: ( لا يحل لأحدٍ أن يقيم ببلدٍ سبَّ فيها سلف ) واتە: درووست نی یە بۆ كەسێك كە لە وولاتێكدا نیشتە جێ بێت كە جنێوی تیا بە سەلەف بگوترێت. چونكە بوونی بەد ڕەوشتی و فیسق و نەفامی كار لە ئایندەی ئەو كەسەو ماڵ و منداڵی ئەو كەسە ئەكات.. ئەوا ئەو كەسە وولاتێكی تری ئیسلامی هەڵدەبژێرێت.. بۆ ئەوەی بتوانێت لەوێ ژیانێكی سەر بەرزو خواپەرستنێكی چاك بۆ خۆی وەدەست بێنێت، پێشم وایە ئەوە لە وولاتە كوفر نشینەكان چنگ ناكەوێت، بۆیە ئەڵێم: ئەمە نابێت و ناشێت كە ببێتە پاساوێك بۆ ڕووكردنە وولاتانی كوفر نشین، چونكە لەوێ فسق و بەد ڕەوشتی زیاترە لە وولاتەكەی خۆی.

دووەم: حەڕام و پێوانە شڕی و بێ حورمەتی و مامەڵەی نا شەرعی تیا باو بێت:

تا ئاستێك نزیكە لە خاڵی یەكەم، بەڵام ئەمەیان پەیوەستە بە كارو باری ژیان، نەك كاریگەرێكی ڕاستەو خۆ بێت لەسەر دڵ كرمی بوونی ئەو كەسە، كە ئەوەی یەكەمیان دڵ ئەمرێنێ، بەڵام ئی دووەمیان كار لە مامەڵەی ڕۆژانەی ئەو كەسە ئەكات و لەسەرەنجام كۆمەڵگە تێكڕا لە نێو پارچەیەك

نەهامەتی و جەنجاڵی ڕۆژانە خۆی ئەبینێتەوە.. پاساوی سەرهەڵگرتنی ئەو کەسەش هەر تەنها ئەوە ئەبێت کە شوێنێکی چاکتر جگە لە وڵاتی کوفر نشین هەڵبژێرێت..

سێیەم: ڕاکردن لە بەر بەبوونی ئەمان:

واتە کەسێك لە ژیانی خۆی دڵنیا نەبوو، هەموو ڕۆژێك ڕوو بەڕووی مەترسی و ڕاوە دوونان و ئەشکەنجە بێتەوە، هەموو ڕۆژ هەڵبکوتنە سەری و سەدان و سەدان تۆمەتت بۆ هەڵببەستن و پاشان بە زەبری قامچی و کوتەکی ئاسنی جەللادانی دەزگا بە ناو ئەمنیی یەکان پەلکێشی بەر تەلەفزیۆن و دەزگا ڕاگەیاندنەکانت ئەکەن و چیت نەکردووەو ئەبێ بڵێی کردوومە؟!! لە وڵاتانی بە ناو ئیسلامی ئەگەر ڕۆڵەیماڵێك بە ناو دەستی لە تاوانێکدا هەبووبێت ئەوا ئەبێ خۆی و حەوت پشتیشی دەگەڵ لەتاوانەکە وەربدرێت، تا وایان لێ ئەکەن کە لە هیچ کۆڕو کۆبوونەوەیەکان ڕوویان نێت سەر بەرز بکەنەوە!! کەچی لە وڵاتانی کوفر یەکێك گەر بە هەقیقەت تاوان و سەرپێچی یەکی هەبوو بن مەگەر بە وێنەیەکی دەست کرد دەنا کەس لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنێ دا نایبینێتەوە !! ( حەیف و هەزار موخابن ) ئەوە دەردەکەیە کە ئێمەی تێداین!!! بۆیە هەر ئەوە ئەڵێم ئەمڕۆ زۆر بە دەگمەن وڵاتێکی ئیسلامیت چنگ ئەکەوێ کە مسوڵمانان بتوانن تیایا سەر بەست و ئازاد بن، ئەوەندەی ئەمڕۆ مسوڵمانان لە وڵاتانی ئیسلامی دەمیان بەسترایەو دەستیان بەسترایە لە وڵاتانی کوفر ڕیزیان هەیەو ئازادو سەر بەست و سەر بڵندو سەر بەرزن.

بـۆیه لـه کاتێکی وا دا ئـەو کەسانە بۆیان هەیە کە وڵاتەکەی خۆیان جێ بهـێڵن و ڕوو لـە وڵاتێکـی تـری ئیـسلامی بکـەن ؟!!! ئـەویش ئەگـەر هەبـێت.. گـەر ئـەم وڵاتـە ئیـسلامی یەشـی چـنگ نەکـەوت کـە زۆر زەحمەتیـشە ئەمـڕۆ چنگی بکەوێت ئەوا ڕێگەی پێ ئەدرێ کە لە وڵاتێکی کوفر نشین نیشتە جێ بێت و لەوێ دا درێژە بە ژیانی خۆی بدات .

بەڵگـەشمان بـۆ ئەمـە ئەوەیە: ئەبینین کە پێغەمبەر (ﷺ) دوانزە کەسی بە پێـشەوایەتی جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵب ناردە لای ئەسقەمەی نەجاشی لە حەبەشـە، کـە نەسڕانی بـوو، پێغەمـبەر (ﷺ) فەرمـووی: بـچۆن بـۆ ئـەوێ چـونکە ئـەو مەلـیکە دادگـەرو ئەمیـنە، ئەوانـیش چـوون لـەوێ نیشتە جێ بوون. ( وەك لە پێشەوە باسمان کرد ).

## چوارەم: لە ترسی بڵاو بوونەوەی پەتاو نەخۆشی:

ئەمـەش دیـسان پاسـاوێکە بۆ ئەو کەسە کە وڵاتەکەی خۆی جێ بهێڵێت، گـەر بـۆی کـرا ئـەوا بـۆی هەیـە ڕوو لـە وڵاتێکی کوفر نشینی تردا بکات، ئـەویش بـەو مەرجـەی کـە هـیچ وڵاتـی تـری ئیـسلامی وە خـۆی نەگرن و باوەشـی پـیا نەکـەن. هـەروەك عـومەری کـوڕی خەتتاب ( ڕەزای خوای لێ بـێت ) نەچـوو بـۆ وولاتـی شـام کـە ئـەو کاتـە پـەتاو نەخۆشـی تـیا بـڵاو ببوویەوە.

## پێنجەم: ڕا بکات لە ترسی ئابڕوو شەڕەف و کەرامەتی:

چونکە ئەزانین کە ئامانجەکانی ئەم ئایینە پاراستنی گیان و ژیان و ئایین و ماڵ و نەوەی بەندەکانە. کاتێ کە ئینسان لە ژیانی خۆی دڵنیا نەبوو، هەڵبەت وەك هەقێکی شەرعیش کەس دەستی ناگرێت کە ماڵ ئاوایی لەم شوێنە بکات و ڕوو دە شوێنێکی تر بکات.. دیسان ئەگەر هەموو دەرگای وولاتێکی ئیسلامی لێ بە ڕووا دا بخرێت، ئەوا ئەو کاتە ئەتوانێت ڕوو لە وولاتی کوفر نشین بکات.

ئەمانە پێنج خاڵ بوون، کە ئەبن بە پاساو بۆ کەسەکان کە بۆیان بشێت ڕوو لە وولاتانی کوفر بکەن بۆ ئەوەی کە ئامانجی شەرعی خۆیان تیا مسۆگەر بکەن.

بەلآم نابێ ئەوە لە بیر بکەین، هەموو ئەو خالآنەی کەوا ئێستا ڕوونمان کردەوە، ئەبێ  زۆر چاك هەوڵ بدەن کە ئەو سێ خاڵەی لە پێشەوە کردمان بە مەرجی ڕوو کردنە هەندەران پێویستە تا ئەتوانن گەر تیاشیاندا مسۆگەر نیە با مسۆگەری بکەن و ئەوەی کەئە شزانێ خەڵکی تری لێ بەهرەوەر کات و ئەوەی کە بە ئاگاشە بێ ئاگایان لێ وە ئاگا بێنێت.

## حوکمی ئەو کەسانەی کە لە دار الکفرن و لەوێ دا مسوڵمان ئەبن

ئەمەیان لا باسێکە و پێویستە هەڵوەستەی تیا بکەین و شتێکی لێ باس بکەین:

ئەمانەی کە لەسەرەوە باس کران حوکمی بابایەکی مسوڵمان بوو کە لە نێو کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان دایە و چۆن ڕێگەی پێ ئەدرێت کە وولاتی خۆی جێ بهێڵێ و ڕوو دە وولاتی کوفر بکات. بەلآم ئەم بەشەیان تایبەتە بەو بێ

باوەڕانەی کە لە وڵات و کۆمەڵگەیەکی کوفر دایەو خەڵکەکەی هەموو بێ باوەڕن ( وەك ووڵاتە گاور نشینەکان ).

هەڵبەت ئەم بەشەش لە سێ خاڵاندا کورت ئەکەینەوە:

## یەکەم: چەم ك و واتای هیجرەت؟

لە ڕووی شەرعی یەوە ( هجرة ) واتە: پشت کردن و واز هێنان لە هەموو ئەو شتانەی کە خواو پێغەمبەر ﷺ بە حەڕام و یاساغیان گرتووە، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ( المهاجر من هجر ما نهى الله عنه ) رواه البخاري عن ابن عمر (رضي الله عنهما) واتە: کۆچەر ئەو کەسەیە کە خۆی دوور ئەگرێت لەو شتەی کە خوا بەرهەڵستی لێ کردووە.

بەڵام لە ڕووی زمانەوانیەوە واتە: وەك لە ( قاموس المحيط ) فەیروس ئابادی دا هاتووە واتە: (الخروج من أرض إلى أخرى) واتە: دەرچوون لە خاکێك بۆ خاکێکی تر. هەروەها (عبد الغني أبو العزم ) خاوەنی کتێبی (الغني) ئەڵێت هیجرەت واتە: ( الْخُـرُوجُ مِنْ أَرْضٍ إِلَى أُخْرَى سَعْياً وَرَاءَ هَدَفٍ مَّا ) واتە: دەرچوون لە زەویەك بۆ زەویەکی تر لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێك.

## دووەم: هیجرەت لە ڕووی شەرع یەوە:

بێ گومان هیجرەت کردن بۆ بابای مسوڵمان کە لەسەری پێویست ئەبێت کە بیکات ئەبێ بیکات. بەڵگەشمان ئەمانەی خوارەوەیە:

١. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنْتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً

فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيراً ﴾ النساء: ٩٧ لـه پێشەوە مانامان لێك داوەتەوە.

بـۆیە لەشـەرحی ئـەم ئایەتە ئیمامی شەوكانی بە ڕەحمەت بێت ئەڵێت: بە پێی ئەم ئایەتە هیجرەت كردن واجبە.

٢. هـەروەها خـوای گـەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَالَّـــذِينَ آمَـــنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا وَإِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾ الأنفال:٧٢ واتـە: بـە ڕاسـتی ئەوانەی كە باوەڕیان هێناوەو كۆچـیان كـردووەو تێكۆشـاون لـە پێـناوی ئایینی خوادا بۆ خۆیان و ماڵ و سـامانیانەوە، ئەوانـەش كـە پێـشوازیان ( لـە كۆچـكەران كرد ) و لە ماڵ و حاڵـی خـۆیاندا جێـیان كـردنەوەو پـشتگیریان كـردن، ئەوانـە هەندێكـیان پـشتیوانی هەندێكـی تـریانن و پـشتگیری یـەكترن، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان نەهێـناوەو كۆچیان نەكردووە، ئەوە پشتگیریان مەكەن هەتا ئەوانیش كۆچ نەكـەن ( بـۆ بەهێـز كردنـی دەوڵەتـی ئیـسلام )، وە ئەگـەر ئەو ئیماندارانە داوای یارمەتـی و پـشتگیریان لـە ئێوە كرد بۆ سەرخستنی ئایینی ئیسلام، ئەوە پێویستە ئێوە پشتگیریان بكەن، جگە لەو عەشرەت و لایەنەی كە لە نـێوان ئـێوەو ئەوانـدا پەیمانێكـی ( ئاشـتیخوازانە ) هەبـێت ( ئـەو پەیمانە مەشكێنن )، بێگومان خوا بینایە بە هەموو كردەوەكانتان.

## سێیەم: ڕاو بۆچوونی زانایان و پێشەوایانی ئیسلامی:

لێره دا زانایان دوو بۆچوونیان هەیە:

بۆچوونی یەکەم: دەڵێن یەکێك کە لە دار الكفر مسوڵمان بوو ئەوە بۆی درووست نیە کە تیایدا بمێنێتەوە، ئەمەشیان ڕاو بۆچوونی ( ابن الحزم و مالكی ) یەکانە.

بۆچوونی دووەم: ئەمەشیان بیرو بۆچوونی تێکڕای جەماوەری مسوڵمانە، لەوانە: ( حەنەفی و شافعی و حەنبەلی ) بە ڕەحمەت بن ئەڵێن: ( ئەمە پەیوەستە بە حاڵو بارو دۆخی ئەو شوێنە )، کە هێندێ جار ڕەنگە دەرچوونی تیا واجب بێ و هێندێ جاریش مەندووب، یان موباح یان هەتا حەرامیش بێت.

مەبەستیان چیە لەم زاراوانە:

(١) واجب بوون: کاتێ مسوڵمان لەوە ترسا بە مانەوەی دووچاری هەڵگەڕانەوە ببێت، ئەوە واجبە. وەك لە پێشەوە باسمان کرد.

(٢) موستەحەب: کەسێ بتوانێت کە دینی خۆی تیا ڕابگرێت و توانای هیجرەت کردنیشی هەبوو، ئەوە شتێکی باشە کە هیجرەت بکات و ئەو شوێنە جێ بهێڵێت، ئەویش لەبەر ئەوەی نەوەك ببێت بە زیاد بوونی سەوادی بێ باوەڕان.

(٣) موباح : کەسێ کە نەخۆش یان منداڵ یان ئافرەت و پیرەژن و پیرە مێردو پەك کەوتە بێتن ئەوا خوای گەورە ڕێگەی پێداوە کە لە وڵاتەکەی بمێنێتەوەو تیایدا دابنیشێت. وەك خوا گەورە دەفەرموێ: ﴿ إلاّ

الْمُسْتَــضْعَفِينَ مِــنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ لا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلا يَهْتَدُونَ سَــبِيلاً﴾ النساء:٩٨ واتـه: مەگەر ئەوانەیان کە بە ڕاستی بێ دەسەڵات و نا تەواون و لاوازن لە پیاوان و ژنان و منداڵان، وە ناتوانن تەگبیرێك بۆ خۆیان بکەن و چارەسەرێك بۆ دەرباز کردنی خۆیان بدۆزنەوە.

(٤) حـەڕام: واتـە: مانـەوەی مەسڵەحەتی مسوڵمانانی تێدا بێت: بۆ نموونە کەسێکەو خەڵکی نایناسن، یان ئاشنا نین بە مسوڵمان بوونەکەی ئەوا بۆ بەرژەوەنـدی ئیـسلامی تـیایدا ئەمێنێـتەوە، ئیـنجا ئـەو بەرژەوەندیـیە هەڵسێو خەڵکی زیاتـر بـۆ ئیـسلام بانگهـێژ بکـات، یـان هـەواڵ و بـاس و خواسـی دوژمنان بۆ مسوڵمانان ئەنێرێت..هتد وەك خوای گەورە باسی ئەو پیاوە ئەکات کە لە دارو دەستەی فیرعەون بوو و مسوڵمانیش بوو و ئەهات هەواڵی پیلانەکانی فیرعەونی بـە نهێنی بۆ موسا ﷺ ئەگواستەوە، وەك قورئانیش باس ئەکاو دەفەرموێ: ﴿ وَجَاءَ رَجُلٌ مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ يَسْعَى قَالَ يَــا مُوسَــى إِنَّ الْمَلَــأَ يَأْتَمِرُونَ بِكَ لِيَقْتُلُوكَ فَاخْرُجْ إِنِّي لَكَ مِنَ النَّاصِحِينَ ﴾ القــصص:٢٠ . واتـە: لەو پەڕی شارەوە پیاوێکی ( ئیماندار کە لە خزمانی فیرعەون بوو ) بە پەلە هات و گوتی: ئەی موسا ( فریای خۆت کەوە ) دارو دەسـتەی ( فیرعـەون ) دانیـشتوون و نەخـشە دەکێـشن تـا بتانکوژن، ( تا زووە ) دەرچـوو ( ئێرە بە جێ بهێڵە ) من ئامۆژگاریت دەکەم و ( دڵسۆزی تۆم ).

هـەر ئـەم پـیاوەش بـوو کـە خـوا باسـی ئـەکات و لەکاتـی پـیلان گێڕان بۆ کوشـتنی موسا لەبەردەمـیان قیت ئەبوویەوەو بە بێ ئەوەی وا دەر ببڕێت

كـه بـاوەڕی بـه موسـا هێـناوه پـێیانـی فـەرموو: ﴿ وَقَالَ رَجُلٌ مُؤْمِنٌ مِنْ آلِ فِــرْعَوْنَ يَكْــتُمُ إِيمَانَهُ أَتَقْتُلُونَ رَجُلاً أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ ﴾ غافر: من ٢٨. واته: پیاوێکـی بـڕوادار لـه خزمانـی فیرعـەون که باوەڕەکەی شاردبووەوه تا ئەو کاتـه، گوتـی: ئایا ڕەوایـه پـیاوێك بكـوژن كـه ( تـەنها تاوانـی ئەوەیـه ) دەڵێت: پەروەردگارم ( الله ) یه؟!.

بـۆ بەرژەوەنـدی بانەگـەوازی ئیـسلامی بمێنێـتەوه وەك خـوای گـەوره دەفەرموێ: ﴿ ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِــيَ أَحْــسَنُ إِنَّ رَبَّــكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴾ النحل:١٢٥. واته: ( ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەی بڕواداران ) بانگەواز بکه بۆ لای بەرنامەو ڕێبازی پەروەردگارت به حیکمەت و دانایی وه ئامۆژگاری جوان و به جێ، وه گفتو گۆو موجادەله به جوانترین شێوه ئەنجام بده، چونکه به ڕاسـتی پەروەردگارت هەر خۆی زانایه،که کێ گومڕایه، هەروەها هەر خۆی زانایه به ڕێنما کراوان.

﴿ وَلا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ ﴾ فـصلت:٣٤. واتـه: بێ گومان چاكەو خراپه چوون یـەك نـین، ( تـۆ ئەی باوەڕ دار ) به جوانترین و چاكترین شێوه بەرەنگاری خـراپەو نا درووستی بكه ئەو كاته ئیتر ( دەبینی ) ئەوەی كه له نێوان تۆو ئـەودا دوژمنایەتـی و سـاردیەك هەبـوو دەبێته دۆستێکی دڵسۆزو گیانی به گیانی.

تەواو